


**شیرین کافی**

**لێمبووره هاوڕێم**

لێم ببوره سه‌گه خۆشه‌ویسته‌كه‌م،

ئه‌ی هاوده‌م و هاوخه‌می هه مووكاتم

هاوڕێی خه‌یاڵ و ته‌نهایم

لێم ببوره، كه‌چه‌ند ساتێ له‌بیر خۆمم بردیته‌وه،

وام ده‌زانی ئه‌و ڕێبواره‌ی له‌ئێواره‌یه‌كی ناوه‌ختا

له‌ده‌ر گای ژووی ته‌نهایم ده‌دا

ده‌بێته په‌لكه‌زێڕینه  تیشكی سه‌راپای جه‌سته‌م داگیر ده‌كا

زه‌رده‌په‌ڕم بۆ ده‌كاته ملوانكه

ئه‌ستێره،  ئه‌دا له‌پرچی ئاڵۆز و ژاكاوم

ده‌مباته قووڵایی ده‌ریا له‌گه‌ڵ نه‌هه‌نگه‌كان

گه‌شتی ئه‌وینم پێ ده‌كا.

وام ده‌زانی ته‌مه‌نی ڕازاوه‌ی به‌هارده‌كاته فه‌رشی سه‌ر ڕێگام،

وامده‌زانی شه‌وی پاییز چاوه‌كانم،

قیبله نیگای سیحراوی دڵی ئه‌و ده‌بێ

نه‌م ده‌زانی خونچه‌ی سه‌ره‌تای به‌هارم

خه‌زانی ده‌م بای پایزه.          ١٩ /٧ /٢٠١٥